هونەرمەند "وشیار رواندزی" ئەندامی تیپی موزیکی پاشای گەورە کچی دواییکرد.. کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەندی موزسیان وشیار حاجی عوسمان ناسراو بە(وشیار رواندزی)،ساڵانێك بوو وەکو هونەرمەندێکی موزسیان لەگەڵ تیپی موزیکی پاشای گەورە کاری دەکرد،هەر لەگەڵ ئەم تیپە بەشداری چەندین فیستیڤاڵی هونەری لەسەر ئاستی کوردسان و عێراقدا کردبوو ئەو لە ژنیینی چەندین ئامێری موزیك دەستکی باڵای هەبوو وەکو ئامێرکانی ئێرك، ریتم، پیانۆ، دەف .. بەداخەوە ئەم هونەرمەندە بەهەی نەخۆشی گیانی لەدەست دا.

سەرەتای کاری هونەری هونەرمەند وشیار رواندزی دەگەڕێتەوە بۆ شاری رواندز کاتێ لە ساڵی 1977 دەبێتە ئەندامی تیپی موزیکی پاشای گەورە لە هەمان ساڵدا لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە مامۆستا "زرار محەمەد مستەفا " بەشداری لە خوولێکی فێربوونی موزیك دەکات ،لەوساتەوە تا رۆژی کۆچکردنی بەردەوام بوو لە کاری هونەری لەگەڵ چەندین تیپ و گروپی موزیکی کاری کردووە لەوانە تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، تیپی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی رواندز، تیپی مۆسیقای لاجان، تیپی مۆسیقای ئاوات.. هەر لە شاری سەران چەندین خوولی موزیکی کردەتەوە زۆرێك لە ژنیارەکانی دەڤەری سەران لە ژێر دەستی ئەو پەگەیشتوون .

هونەرمەند وشیار رواندزی بەشداری زۆرێك لەفیستیڤاڵ هونەرییەکان کردوە، لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق بەنموونە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکان لە لە ساڵی 1979 لە شاری سەماوە لە خواری عێراق، فیستڤاڵی دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی 1982 لە شاری هەولێر وە فیستڤاڵی هونەری شاری دهۆك لە ساڵی 1985 لە دوای ڕاپەرنیش لەساڵی 1991 بەشداری چەندین ئاهەنگی گەورەی کردوە بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندان (شڤان پەروەر و ناسری ڕەزازی لە شارەکانی رواندز ،رانیە، سەران، هەولێر..هەروەها لە شاری سەراندا ستەدیەیەکی تەمارکردنی دەنگی هەبوو چەندین ئاوازی بە گرانیبەژ لاوکان داناوە هەر لە ستەدیەکەی خۆی چەند سرودێکی بە پێشمەرگ تەماری کرد و بە دەنگی هونەرمەندە لاوکانی دەڤەرەکە بڵاوکردوە.

مخابن ئەم هونەرمەندە لە ڕۆژی هەینی 18ی9ی 2026 لە تەمەنی 60 ساڵی بە هۆی نەخۆشی گیانی لە دەست دا لەو کاتەی زۆر لەپڕۆژەی هونەری لە هەگبەدا بوو ڕۆحی شاد بێت.

